# پاوەربانکێک بۆ شوێنە ئەستەمەکان



لە هەندێك كاتدا پاوەربانك یان بانكی شەحنكردنەوەی سەفەری گرنگییەكی زۆری هەیە، بەتایبەتی ئەوكاتانەی بۆ چیاكان و دارستانەكان گەشت دەكەی و هیچ شوێنێكی دابینكردنی وزەی لێ نییە، پاوەربانكەكان جۆراوجۆرن بۆ شوێنە ئەستەمەكانیش پاوەربانكێكی بەهێز جگە لەوەی كە كۆگایەكی گەورەی وزە بێت، دەبێت لە ئاست سەرما و گەرما و كەوتنە خوارەوە و تۆز و خۆڵ و تەنانەت قوڕیش بەهێز بێت و بەوانە تێكنەچێت. پاوەربانكی جۆری FOSPower یەكێكە لەو پاوەربانكە سەركەوتووانە كە لە ئاست ئاو و تۆزۆ خۆڵ و كەوتنەخوارەوە بەهێزە. كە بكەوێتەناو ئاویش نقوم نابێت و ناچێتە ژێرەوە. دەرگایەكی هەیە بۆ ئەوەی لەوكاتانەی كە كارێك بە پاوەربانكەكەی ناكەی دایبخەی هەتا تۆز و خۆڵ و ئاو نەچێتە ناویەوە. خۆی لایەتێكی بەهێزیشی هەیە تا لەكاتی پێویست سوودی لێوەربگری. پاوەربانكەكە چونكە بۆ ناوسروشت بەرهەم هاتووە بۆیە لەسەر پاوەربانكەكە ئاراستە نوێننێكیش هەیە بۆ نیشاندانی ئاراستەكان.



# کۆمپیوتەر- مۆبایلی پاناسۆنیک

پاناسۆنیك وەك كۆمپانیا ناوێكی نامۆ نییە، مێژوویەكی لەمێژینەی هەیە، لەم ماوەیەدا مۆبایلی جۆری FZ-T1ی بەرهەم هێنا كە دەكرێ بڵێین بۆخۆی كۆمپیوتەرێكە.

مۆبایلەكە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و بەبەهێزترین و پتەوترین مۆبایل دادەنرێت، چونكە نە بەسەرما و گەرما و تەڕبوون و تۆز و خۆڵ تێكناچێت. مۆبایلەكە وەك لاپتۆپێكی بەهێزیش سوودی لێدەبیندرێ و زیاتر بۆ ئەركی بازرگانی و سوپەرماركێتەكان دەگونجێت، چونكە هەم سیستەمی خوێندنەوەی باركۆدی كەلوپەلەكانی هەیە و هەم بۆ ژمێریاری پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیە. كێشی كۆمپیوتەر مۆبایلەكە كەمە، تەنیا ٢٤٠ گرامە. سیستەمی ئەندرۆید ٨ی لەسەرە. خێراییەكەی ١ گیگاهێرتزە. شاشەكەی ٥ ئینجە و HDیە، رامەكەی ٢ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ١٦ گیگیایە.

# تەکنەلۆژیای نوێ لە تۆپی مۆندیالی ٢٠١٨



# شاشەی دووەم بۆ لاپتۆپەکان



کۆمپیوتەری لاپتۆپ لەگەڵ ئەوەیدا کە گشت ئامرازەکانی لەگەڵ خۆیدا هەیە، بەڵام دەکرێت بەجیاش بۆی دابندرێ، بۆ نموونە هەرچەندە پەدی لەمسی لەبری ماوس بۆ داندراوە، بەڵام ماوسیشی بۆ دادەنرێ، یان دەکرێ کیبۆردێکی دیکەشی بۆ دابنێی. ئێستا شاشەی Douش وەك شاشەی دووەم بۆ لاپتۆپ بەرهەم هاتووە کە جگە لە شاشەی خۆی دەکرێت ئەویش دابندرێ بۆ ئەوەی پێکەوە ببن بە شاشەیەکی گەورە..

شاشە لاوەکیەکە زۆر بە ئاسانی بەهۆی چەند موگناتیسێکەوە لە پشت لاپتۆپەکە دەخرێت، شاشەکە لەگەڵ گشت سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، وەك ویندۆز، و ماك و ئەندرۆید. دەگونجێت. شاشە لاوەکیەکە ١٢,٥ ئینجە. کێشی شاشەی duo تەنیا ٦٨٠ گرامە و وزەیەی ئەوتۆی بۆ کارکردن ناوێت.




لە مۆندیالی ئەمساڵدا گرنگییەکی زۆر بە تەکنەلۆژیای نوێ درا، تەکنەلۆژیای نوێ هەم هەڵەکانی کەمتر کردەوە و هەم ئەرکی ناوبژیوانانی ئاسانتر کرد، ساڵانی رابردوو ناوبژیوانان نەیاندەتوانی بەئاسانی گشت لایەنەکانی یارییەکە ببینن، بۆیە لەمساڵدا تەنانەت ئەگەر ناوبژیوان هەڵەیەکی کرد، لە شوێنی مۆنیتۆرەکان پێیرادەگەیەندرا کە بڕیار مەدە تا سەیری ڤیدیۆکە نەکەی..

تۆپی پێی یارییەکانی مۆندیال کە لەلایەن کۆمپانیای ئەدیداسەوە بەرهەم هاتووە، تۆپێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو تۆپێکە سیستەمی هۆشمەندی تێدایە و بە هۆی وای-فایەکی بەهێزەوە ئاگاداری حەکەم دەکات ئەوکاتەی لە هێڵی چوونە ناو دەروازە لایدا..

تۆپی هۆشمەندەکە بە تەلستار ١٨ ناسراوە، ئەم ناوەی لە مانگێکی دەستکردەوە وەرگرتووە، تۆپەکە جگە لەکاتی یاری کردن لە کاتی راهێنانەکانیشدا گرنگی خۆی هەیە، بە هۆی پرۆگرامێکەوە کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەکرێت، یاریزانەکان دەتوانن لە گۆڕەپانی راهێناندا بەربەستی مەجازی ببینی و تۆپەکە بەناو بەربەستەکاندا دەرباز بکات...

# کۆداکۆپتەری ژێرئاو

کۆداکۆپتەر ئەو فڕۆکە بچووکانەن کە لەم چەندساڵەدا گشتگیر بوونە و بۆ زۆر لایەن سودی لێوەردەگیرێت، جگە لەوەی لە بواری کاری سینەمایی و بەرهەمهێنانی فیلمدا سوودی لێدەبینندرێ، لە بواری نیزامی و پزیشکیدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، هەندێك لە کۆداکۆپتەرەکان تەنیا بۆ یاریی منداڵانەن و هەندێکیش بەکارهێنەر بۆ وێنەگرتن سوودی لێدەبینێت. کۆداکۆپتەرەکان بەمەودایەکی سنووردار بۆ ئاسمان دەفڕن و بەکارهێنەر لە خوارەوە کۆنترۆڵی دەکات.

بەڵام کوداکۆپتەری Titan جیا لە هەموویانە. ئەم کۆداکۆپتەرە بە ژێر ئاویشدا دەڕوات، بۆیە وێنەگرتن لەژێر ئاو و لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە ژێر ئاو سوودی لێوەردەگیردرێت. هەتا ١٥٠ مەتر دەچێتە ژێر ئاو. گلۆپە LEDەکان ڕووناکی تا ٣٠٠٠ لۆمێن هەیە بۆیە لە تاریکترین شوێندا دەتوانێت وێنە و فیلم هەڵبگرێتەوە. کامێراکەی بە دەوری خۆیدا دەسووڕێت و بە کوالیتی K4 UHD وێنە و فیلم دەگرێت. خێرایی «تایتان» دوو مەترە لە چرکەیەکدا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن دەکرێت ئینتەرنێتی مۆبایلەکەم کە سیم کارتی فاست لینکە بدەمە لاپتۆپەکەم یان کەسانی دیکە؟**

خوێنەری بەڕێز سەرەتا بچۆ سەر settings مۆبایلەکەت دواتر بچو بەشی Mobile hotspot... دواتر کە ئەو بەشەت کردەوە لەودا دیسان بچو بۆ سەر بەشی mo-bile hotspot و ئەگەر ئەو بەشە ئەکتیف نەبوو، ئەکتیفی بکە. دوای ئەکتیف کردن لە بەشی Moro بچۆ سەر شوێنێك نووسراوە configure mobile hotspot ئەوکات دەکرێت ناوێك بۆ ئینتەرنێت و هەروەها پاسۆردێکیش دابنێی، دەتوانی هەر لەو بەشەدا ئینتەرنێتەکەت سنووردار بکەی بۆ نموونە تەنیا بۆ ماوەی کاتژمێر یان زیاتر هاوبەش بکەی و دەکرێت بێ سنووریش بێت..

## ئامێرێک جلەکان ئۆتو و قەد دەکات



تەکنەلۆژیا بەراست بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ! هەتاکوێ مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی و حەسانەوەی جەستەیی دەبات، ئامێری نوێی FoldiMate کە لەماوەیەکی کەمدا جلوبەرگەکانت هەم ئوتۆ دەکات و هەم قەد و ڕێکیان دەخات، هێندەی دیکە دەبێتە مایەی حەسانەوەی ئینسانەکان.

ئامێری ناو کە لە سەرەتای ئەمساڵدا بەرهەمهاتووە و هێشتا گشتگیر نەبووە دەتوانێت لە ماوەی تەنیا ٤ خولەکدا ٤٠ پارچە جلوبەرگت بۆ ئۆتۆ و قەد بکات، تەنیا ئەوەندە بەسە کە جلەکانت وەك ڕستە پێی هەڵواسی و یەکە یەکە ئەویش ئۆتۆیان دەکات و پاشان قەدیان دەکات.


بڕیار وایە ئامێرەکە لە ساڵی داهاتوو بکەوێتە بازاڕ، ئامێرەکە جگە لەوەی جلەکان ئۆتۆ و قەد دەکات بۆنی دژە بەکتریاشیان لێدەدات. ئامێرەکە گشت جۆرە جلوبەرگێکی ڕێك دەخات، تەنیا گۆرەوی و جلی ژێرەوە نەبێت.

## پرۆگرامێک بۆ هێنان

زۆرکەس شارەزای بواری پرۆگرامەکانی هێنانەوەی فایل و زانیارییە سڕاوەکانە، هەندێجار لەسەر کۆمپیوتەرەکەت گرنگترین فایل و داتاکان دەسڕێنەوە، بەڵام پرۆگرامەکانی گەڕاندنەوەی داتا سڕاوەکان هیوایەکی دیکە دەبەخشێ.

زۆربەی پرۆگرامەکانی ریکۆڤێری گشت فایلەکان دەگەڕێننەوە، ئەوکات تێکەڵ و پێکەڵییەك دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر بتهەوێ تەنیا وێنە سڕاوەکان جا چ لەسەر میمۆری بێت یان کامێرا یا کۆمپیوتەر ئەوە پرۆگرامی Advanced Photo Recovery گرنگیی تایبەتی هەیە. ئەم پرۆگرامە تەنیا وێنەکان دەگەڕێنێتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:





## ماڵپەڕێکی بۆ دەرهێنانی دەق لە فایلی PDF

گەلێک جاران فایلێکی PDF لەبەردەستدایە و نیازت هەیە دەقەکانی ناوی کۆپی بکەی، بەڵام کۆپی ناکرێت، بەتایبەتی ئەگەر دەقەکان بە فۆنتی عەرەبی نووسرابن، ناچاری سەرلەنوێ دەقەکان بنووسیەوە.

بۆ چارەسەری ئەمە باشترین ڕێگا سوود وەرگرتنە لە سایتی https://www.extractpdf.com لەم سایتەدا بە ئاسانی دەق و وێنەکانی ناو فایلیکی PDF وەردەگیردرێن و دەکرێت بۆ ناو کۆمپیوتەرەکەت دانلۆدی بکەی، نە تەنیا ئەوە بەڵکو ئەم ماڵپەڕە دەتوانێت فایلێکی PDF لە سایتەکانی دیکەش وەربگرێ و تەنیا پێویستە ئەوکات ئەدرەسی فایلەکە بنووسی...

## ڕۆڵی گرنگی پەد کۆڵ بۆ پاراستنی لاپتۆپ




هۆکاری سەرەکیی تێکچوونی لاپتۆپ بەهۆی گەرماو کارنەکردنی فەن (پەنکە)کانیەتی. ئەگەر لاپتۆپێکی بەهێز بێت و لە بواری سەختە ئامرازیەوە لەسەرێ بێت، ئەوە بە فەنەکانی خۆی بەتەواوی فێنك نابێتەوە، بۆیە پێویستە (کۆڵ پەد)ێکی لە بن دابندرێ، کۆڵ پەد پێکهاتووە لە چەندین فەن کە پێکەوە کار دەکەن و لاپتۆپەکە فێنك دەکەنەوە..

یەکێك لە پەد کۆڵە سەرکەوتووەکان، جۆری DeepCool M6 کە بۆ لاپتۆپی ١٧ ئینجی و بچووکتر زۆر گونجاوە.

پەد کۆڵەکە زیاتر بۆ لاپتۆپی گەیمینگ و بەهێز دروستکراوە، ئەم پەد کۆڵە پێکهاتووە لە پەنکەیەکی گەورەی ١٤ سانتی کە توانای ٧٠٠ هەتا ١١٠٠ خوڵ سوڕان لە خولەکێکدا هەیە. شوێنی دانانی USB 4 بۆ دانانی ئامێرە جۆراوجۆرەکان، هەروەها ٣ بڵندگۆی بەهێزی هەیە. کێشی ئامێرەکە کیلۆ و نیوێکە.

## ـــــەوەی وێنە سڕاوەکان




- پرۆگرامەکە قەوارەیەکی زۆر بچووکە و شوێنێکی کەم دەگرێ.
- لەگەڵ زۆربەی هارددیسکەکان دەگونجێت.
- لە زۆربەی میمۆری و فلاش و مۆبایلەکان پشتیوانی دەکات.
- توانایەکی بەهێزی هەیە لە هێنانەوەی وێنە سڕاوەکان.